# بەشداریکردن لە ئەم هەڵبژاردنەدا،
# تاساندنی خەونەکانمان و گێڕانەوەی ڕەوڕەوەی مێژووە!

سەرەکیترین بنەمای دیموکراسی، هەڵبژاردنە. هەر بۆیە دژایەتیکردنی هەر پرۆسەیەکی هەڵبژاردن مانای دژایەتیکردنی خودی دیموکراسیە.

کۆتایی ئەم مانگە، هەڵبژاردن لە عێراقدا ئەنجام دەدرێت و بەو پێیە بەشداری نەکردن لە هەڵبژاردندا مانای بەرپەرچدانەوەی شنەبای دیموکراسیە کە ڕووی لە ناوچەکەمان کردووە و هاوسەنگەری و هاوبەرەییە لەگەڵ بەرەی ئیسلامیی "توندڕەو" و لایەنە شۆڤێنیزمەکانی کە خوازیاری دژایەتیکردن و تێکدانی هەڵبژاردنن.

ئەگەرچی بە شێوەیەکی گشتی و بە تێڕوانینێکی سەرزارەکیانە، پێدەچێت کە ئەو چەند دێڕەی سەرەوە سەبارەت بە هەڵبژاردنی عێراق بۆچوونێک و شیکردنەوەیەکی ڕاست و دروست بێت، بەڵام بە داخەوە لە ڕوانگەیەکی وردبینی سەبارەت بە ڕابردوو و ئایندەی دۆزی کورد، مەسەلەکان ڕەش و سپی نین و نابێت وەها سادە و ساکارانە بەشداریکردنی کورد لە هەڵبژاردنی عێراقدا تەماشا بکرێت.

لە پاش ساڵی **1921**، دەوڵەتێک بە ناوی عێراقەوە هێنراوەتە کایەوە، کە بەشێکی کوردستانی بە زۆرەملی پێکەوە لێکنراوە. بە درێژایی ئەو هەشتا ساڵە، چەندین شێوازی جیاوازی دەوڵەت حوکمڕانی عێراقی کردووە. لەوانە: ئینتدابی ژێر دەسەڵاتی ڕاستەوخۆی بەریتانیا، ڕژێمی پادشایی، ڕژێمی کۆماری و دواترینیان حوکمڕانیەکی تەواو تۆتالیتاری و ئەمجا جارێکی تر داگیرکردنەوەی لە لایەن دەوڵەتێکی ڕۆژئاواوە.

ئەگەرچی لەو هەشتا ساڵەدا، دەوڵەتی عێراق لە زۆر ڕووەوە گۆڕانکاریی زۆری بەسەردا هاتووە، هەندێکی لە ئەنجامی ڕەوتی سروشتی مێژوو و هەندێکی بە هۆی حوکمڕانەکانی عێراقەوە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا کۆمەڵێک نەگۆڕ هەن کە بە درێژایی ئەو ماوەیە کتومت هەر وەکو خۆیان ماونەتەوە و تەنانەت هەندێکیان بەرەو خراپتر. عێراقی ئەو کاتە و ئێستا، هەر هەمان ئەو دەوڵەتە ئیسلامیەیە کە پەیوەندیە خێڵەکی (عەشایری) و مەزهەبی و نەتەوەییەکان جۆری ژیان تێیدا دادەڕێژێن و دەستنیشان دەکەن. عێراق هەر لەسەرەتاوە پێکهاتەیەکی دەستکردی ناتەبای مەزهەب و نەتەوە بووە و کورد هەمیشە بووەتە قوربانیی یەکەم و هاوڵاتی پلە سێ و بە چاو گومانەوە هەڵسوکەوتی لەگەڵ کراوە. هەتا ئێستاش، شۆڤێنیزم و مەزهەبگەرایی لە عێراقدا ڕۆژ لە دوای ڕۆژ ڕوو لە زیادبوونە. قسەیەکی دوور لە ڕاستیە ئەگەر بگووترێت ئەو گۆڕانکاریانە هیچ کاریگەریەکی خراپی، کە جێگەی داخە، نەکردووەتە سەر پەیوەندیەکانی نێوان نەتەوە و مەزهەبە ئایینیەکانی عێراق. بە پێچەوانەوە، ئێستا هەر لایەنێک لە عێراقدا خۆی بە قوربانیی سەرەکی سەرتاسەری ئەو ماوەیە دەزانێت و گوناهەکەشی، جگە لە خۆی، دەخاتە ئەستۆی لایەنەکانی تر. هەر لەو ڕوانگەیەشەوە، بە چاوێکی پڕ ڕک و کینە و گومانەوە دەڕوانێتە ئەوانی تر و بە ئومێدی ئەو ڕۆژەیە تۆڵەی هەشتا ساڵی ڕابردووی بسەنێتەوە. لە کۆمەڵگای خێڵەکیدا و بە گوێرەی ئایینی ئیسلام، تۆڵە نەک هەر ڕەوایە بەڵکو ئەرکە!

کەواتە ئاخۆ هەڵبژاردنێکی بە پەلە، کە یەکێک لە ئامانجەکانی ڕووسوورکردنی ئەمەریکایە، دەبێت چ موعجیزەیەک بێت کە لە شەو و ڕۆژێکدا ڕووداوەکانی ئەو هەشتا ساڵە بسڕێتەوە و کۆمەڵگایەکی هاوچەرخ و سیستەمێکی دیموکراسی بخوڵقێنێت و دوارۆژێکی گەش بۆ ئێمەی کورد دابین بکات؟

سەرەتا ڕاستیەکی ڕوون و ئاشکرایە کە ئیسلام و دیموکراسی دوو شتی دژ بە یەکن. زانایان و شارەزایانی بواری ئایینی ئیسلام، بە ڕاشکاوی هەمیشە جەختیان لەسەر ئەو ڕاستیە کردووەتەوە و توندڕەوترینیان هەتا نەرمترینیان ئەو بۆچوونە باوەڕیانە و خودی قورئان و بنەمەکانی ئیسلامیان وەکو بەڵگە و بەهانە بۆ ئەو مەسەلەیە خستووەتە ڕوو.

جا ئەگەر پاساوی کورد بۆ بەشداریکردن لە هەڵبژاردندا ئەوە بێت کە هەڵبژاردن داهێنەری دیموکراسی دەبێت و کورد لە سایەی ئەو دیموکراسیەدا ئامانجەکانی بەدی دەهێنێت، ئەوا دوو هەڵەی زۆر گەورە دەکات. یەکەم ئەوەیە کە بوونی دیموکراسیەت هاوتەریب بە ئیسلام پرۆژەیەکی مەحاڵە، بڕوانە دەیان دەوڵەتی ئیسلامی لە سەرتاسەری دنیادا. دووەم، کوردی کوردستانی باشوور پێویستە ڕەچاوی ئایندەی بەشەکانی تری کوردستانیش بکات. لکاندنەوەمان بە عێراق، مانای تاساندنی خەونی پارچەکانی ترە، بە لایەنی کەمەوە هەتا چەند دەهەیەکی تر.

ڕووداوەکانی چەند ساڵی ڕابردوو، لەوانە کارەساتی **11**ی سێپتەمبەر، ئاراستەی مێژوو و ئایندەی گۆڕی. هەڵمەتی ئەمەریکا بۆ سەر عێراق، پێشتریش ئافغانستان، کاردانەوەیەکی کتوپڕ نەبوون و کۆتایی ئەو قۆناغەی مێژوو نیە. بەڵکو سەرەتای پرۆژەیەکی درێژخایان و دوا ڕووبەڕووبوونەوەی نێوان شارستانیی ڕۆژئاوا، کە دیموکراسی ناوەرۆکەکەیەتی، و شارستانیی بەشێکی جیهانی سێیە، کە ئیسلام ناوەرۆکەکەیەتی. ئەگەرچی بۆچوونێکی ڕاست و دروستە کە میللەتی کوردی ماندوو بە دەست جەنگ و وێرانکاریەوە، هەوڵ بدات بە شێوەیەکی ئاشتیانە ئامانجەکانی دابین بکات، بەڵام زۆر جار پرۆسەی ئاشتیش هەتا خاڵێکی دیاریکراو دەتوانێت بڕ بکات و دەشێت پێویستیش بکات کە سوود لە شێوازی تر، مەرج نیە هەر جەنگ، وەربگیرێت.

ساڵانێکی زۆرە کە ڕەوڕەوەی مێژوو بە پێچەوانەی خواستی کوردەوە بەڕێوە دەچێت. بەڵام خۆشبەختانە، بۆ ماوەی زیاتر لە **10** ساڵ دەچێت کە مێژوو بە قازانجی ئێمەدا وەرچەرخاوە. لەوانە، ئەمڕۆ بۆ یەکەمین جارە کە بەرژەوەندی کورد، بە لایەنی کەمەوە کوردی باشوور، لەگەڵ بەرژەوەندی بەهێزترین دەسەڵات لە جیهاندا، کە ئەمەریکایە و ئایندە دەستنیشان دەکات، خۆی دەگرێتەوە و هاوسەنگەرن. ئەوان ئەگەر کورد بە تەواوەتی بە هاوسەنگەری خۆشیان نەزانن، بەڵام بە بەشێکی سەنگەری ئیسلام لە قەڵەمی نادەن و بە پێچەوانەوە، سوود لەوە دەبینن کە کورد بە درێژایی **1300** ساڵی ڕابردوو قوربانیی دەستی ئیسلام بووە. هەروەها بۆ یەکەمین جارە کە کورد لە ئەو چوارچێوە تەسکەی کوردستان هاتووەتە دەرەوە و بە سەرتاسەری دنیادا پەرش و بڵاو بووەتەوە. پێشبینیەکی ڕاستە ئەگەر وەها چاوەڕوان بکرێت کە لە ئایندەیەکی نزیکدا هاوشێوەی کۆمەڵگا جووەکانی دنیابن، هەم لە ڕووی ئابووری و ژیریەوە و هەم لە ڕووی کاریگەرییان لەسەر ڕەوتی ڕووداوەکان لە دەرەوە و ناوەوەی کوردستان.

مەخابن، بە زەبری ئەو مێژووە پڕ دڕندەییە خوێناویەی کە هەمان بووە، کەسایەتی کورد لەسەر ئاستی تاکە کەس و لەسەر ئاستی کۆمەڵ، کەسایەتیەکی تێکشکاوە. هەتا ئێستاش وتەی "*خۆم ناکەم بە سوورەی بەر لەشکر*" مۆتەکەی ناو مێشکی هەموومانە. بێگومان ئەندامان و سەرکردەکانی ئەمڕۆی کوردستان ڕۆڵەی ئەو میللەتەن و ئەوانیش هەمان بۆچوون و ئاستی بیرکردنەوەیان هەیە. هەر بۆیە پاش کەمێک ڕاز و نیاز، بە هەر مەبەستێک بوو بێت، لە ئەنجامدا ملکەچی بەشداربوون لە هەڵبژاردندا بوون و کەوتوونەتە پروپاگەندە و هاندانی خەڵک بۆ بەشداریکردن. تەنانەت هەتا ڕادەیەک کە ئەوانەی دژی بەشداریکردنن بە جۆرەها شت، لەوانە خیانەت لە کورد و کوردستان، تاوانبار کراون. ژیرانەتر دەبوو ئەگەر وەهایان دابنایە کە بە گوێرەی دیموکراسیەت، ئەوە مافێکە و هەر کەسە ئازادە چۆن ئەو مافەی پەیڕەو دەکات (لەوانەیە بەراوردکردنێکی زۆر دروست نەبێت، بەڵام لە هەڵبژاردنی ساڵی **2004**ی ئەمەریکادا، **40** لە سەدی ئەوانەی مافی دەنگدانیان هەبووە بەشدارییان لە هەڵبژاردندا نەکردووە). سەیر لەوەدایە دەنگی یەک ئەندامی ئەو پارت و ڕێکخراوانە نەهاتووەتە بەرگوێ کە قسەیەکی لە دژی بەشداریکردن لە هەڵبژاردندا کردبێت! ئایا هیچ کەسێک نەبوو بۆچوونێکی کەمێک جیاوازی لە تێکڕای ڕێکخراوەکەی هەبێت؟ ئەمە لە کاتێکدا کە دەگووترێت ئیمزای یەک ملیۆن و **700** هەزار کەس بۆ ڕیفەڕۆندۆم کۆکراوەتەوە. لە ڕاستیدا، داواکردنی ڕیفەڕۆندۆم داواکردنی سەربەخۆییە و بەشداریکردن لە هەڵبژارندندا لە دەستدانی سەربەخۆییە. دەشێت قسەیەکی بێ بناغە نەبێت کە لە ڕۆژئاوای دیموکراسیدا دەگووترێت "هەرگیز باوەڕ بە قسەی سیاسەتمەداران مەکە".

پاساوی بەشداریکردن ئەوەیە کە زۆرترین دەنگ بهێنین بۆ ئەوەی لە ئایندەی عێراقدا کاریگەرییمان هەبێت!! کەچی لە هەمان کاتیشدا دەڵێن ئایندەی عێراق بە گوێرەی زۆرینە و کەمینە بەڕێوە ناچێت بەڵکو بە "تەوافوق" دەبێت. ئەمە دوو قسەی زۆر دژ بە یەکن!

کورد دەبێت چاک بزانێت کە ئەو لە عێراقی ڕابردوو و ئایندەدا هەتیوە. هەر کە مەسەلەیەکی گرنگ بە قازانجی کورد بێتە کایەوە، پێشکەوتنخوازترین لایەنی عێراقی دەست دەخاتە دەستی شۆڤێنیزمترین لایەنی تر بۆ تاساندنی ئێمە. مێژووی حیزبی شیوعی عێراق بەڵگەیەکی زیندووە. هیچ لایەنێکی عێراقی هەرگیز شەرم لەوە ناکەن کە بۆ تاساندنی کورد لە ژێر پەردەی جیاوازدا بیانوو بۆ دەستەمۆکردنی کورد بهێننەوە. بەڵام کە زۆریان بۆ هاتبێت، ئەوا دەستبەجێ پەنایان بۆ ئیسلام بردووە و باوەڕی شۆڤێنیزمی خۆیان پێ ڕازاندووەتەوە (بێ گومان بە درێژایی مێژوو، شۆڤێنیزمی عەرەبی و ئیسلام دوو ڕووی هەمان دراو بوون). لەسەر ئاستی ناوچەکەش، هەموو دراوسێکانی عێراق کە تینووی خوێنی یەکترن، کە دێتە سەر مەسەلەی کورد تەبان و هاوسەنگەرن. هەموو خەمی ئێستای دەوڵەتە عەرەبیەکان و ئیسلامیەکان "یەکپارچەیی" عێراقە. هەر بۆیە ئەگەر کورد لە عێراقی ئایندەدا کەمێک دەسەڵاتی هەبێت، گومان لەوەدا نیە کە بێ سێ و دوو دەست دەخەنە ناو کاروباری عێراقەوە و ئەو دەسەڵاتەی لێدەسێننەوە. لەساڵانی سەرەتای هاتنی حیزبی بەعس بۆ سەر حوکم لە عێراقدا، ڕژێمی ئێستای سوریا تەنانەت هێزی سەربازی بۆ لەناوبردنی کورد بۆ عێراق نارد. ئەمڕۆکەش ئەگەرچی لە ترسی ئەمەریکا ناوێرن سوپای دەوڵەت بنێرن، بەڵام هانی خەڵکی دەدەن و ڕێگە خۆش دەکەن بۆ ناردنی لەشکری تێرۆریستان.

**دەسەڵاتی کوردی هانی خەڵک دەدەن بۆ بەشداریکردن لە هەڵبژاردندا بیٚ ئەوەی توانیبیٚتیان، بۆ نموونە، کیٚشەی کەرکوکی "قودس" و "دڵ" چارەسەر بکەن. دەڵیٚن کە بۆ چەسپاندنی بەندی 58، بەڵیٚنیان بە نووسین لە باڵویٚزی ئەمەریکا و سەرۆک وەزیرانی عیٚراق وەرگرتووە. لە ساڵی 1971دا بە شیٚوەیەکی ڕەسمی ئۆتۆنۆمی بە کورد درا کەچی پاش چوار ساڵ کە ڕژیٚمی بەعس جیگیر بوو، نەک هەر پاشگەز بووەوە بەڵکو پرۆسەی تەفروتوناکردنی کوردی دەست پیٚکرد. بە ڕاستی گاڵتەجاڕیە ئەگەر دڵی خۆمان بە نامەی باڵویٚزیٚک و کۆنە بەعسیەک خۆش بکەین.**

**ڕاستە بە زەبری میٚژوو، جاریٚکی تر ئەنفال دووبارە نابیٚتەوە، بەڵام مایەی سەر سوڕمانە کە کورد پاش زیاتر لە 12 ساڵ نیمچە سەربەخۆیی، جاریٚکی تر خۆی بە عیٚراقیٚکی تیٚکشکاو بلکیٚنیٚتەوە و سەر لە نویٚ میٚژوویەکی نادیار دەست پیٚبکەینەوە.**

**بیٚگومان دەبیٚت بگووتریٚت کە خەڵک تامەزرۆی ئازادی، دیموکراسی و دەنگدانە. بەڵام بە داخەوە ئەمە بەشداریکردنە لە هەڵبژاردنیٚکی هەڵەدا کە لە قازانجی ئیٚمە نیە و مەترسیی ڕاستەقینە دەخاتە سەر ئەو نیمچە سەربەخۆیی و دەستکەوتانەی بەدەست هاتوون، خەونی گەورەی تیٚکڕای کورد دەتاسیٚنیٚت. بۆ نموونە، ئەمە دەنگدانە بە سەپاندنی شەرعیەتی بوونی عەرەبی هاوردە لە کەرکوکدا. ئەمە دەنگدانە بۆ دروستکردنی دەوڵەتیٚکی نیمچە ئایینی و تیٚکدانی لانەی ئارامی کورد. ئەمە دەنگدانە بەوەی کە بڵیٚین کورد ناتوانیٚت و شایەنی بوونی دەوڵەتی خۆی نیە.**

**ئەو خەونە سەوز و سوورانەی کە لایەنگرانی بەشداریکردن لە هەڵبژاردندا سەبارەت بە ئایندەی عیٚراق پیٚمان دەڵیٚن، زۆر دوورن لە ڕاستیەوە و نەک خەونن کە نابنە ڕاستی بەڵکو پیٚدەچیٚت ببنە کابوس! خۆزگە ئەم بۆچوونەم هەڵە دەردەچوو، بەڵام مەحاڵە دیموکراسی لە عیٚراقی ئیٚستادا بیٚتە کایەوە و ببیٚتە ئەوەی کە کورد ئامانجەکانی بەدەست بهیٚنیٚت. هەتا ئیٚستا کورد وەکو دوو دەڤەر، ئەگەرچی بە یەک لیست، دەچنە هەڵبژارنەوە. هەڵبژاردنیٚک کە بە هەمان ئەو ئالایەی عیٚراق ئەنجام دەدریٚت کە لە سایەیدا هەوڵی تەفروتوناکردنی کورد دراوە. سەیرە ئەوان کە هەتا ئیٚستا نەیانتوانیبیٚت ئەو ئالایە بگۆڕن، تۆ بڵیٚی بتوانن ئەقڵیەتی شۆڤیٚنیزم و ئایینی بگۆڕن.**

**ئەگەرچی من گومان نیە کە چەندین بەدیلی تر هەیە و کەمیٚک ژیری و بویٚری دەویٚت، بەڵام بە لایەنی کەمەوە، وەکو مەرجیٚک بۆ بەشداریکردن لە هەڵبژاردندا، دەسەڵاتدارانی کورد پیٚویست بوو سووربن لەسەر چارەسەرکردنی کیٚشەی کەرکوک. بەڵام لە کاتیٚکدا ئەوان ئەو کارەیان نەکرد ئیٚمەی تاکە کەس دەتوانین بەشداری لەو هەڵبژاردنەدا نەکەین و بەوە پەیامیٚک بە خودی دەسەڵاتدارنی خۆمان و بە تیٚکڕای جیهان بگەیەنین کە ئیٚمەی کورد پاش هەشتا ساڵ ژیان لە ناو چوارچیٚوەی قەفەسی عیٚراقدا، چیتر نامانەویٚت کۆیلە و برا بچووک بین و بۆ بەشداریکردن لە سەقامگیریی ئاشتی لە ناوچەکە و جیهاندا دەمانەویٚت ببینە خاوەنی دەوڵەتی خۆمان.**

**بەشداریکردن لە هەڵبژاردندا مانای دووبارەکردنەوەی میٚژووە، کە هەمیشە بە شیٚوەیەکی تراژیدی دووبارە دەبیٚتەوە. بەڵام بەشداری نەکردنمان پەیامیٚکە کە ئیٚمەی کورد دەمانەویٚت وەکو تیٚکڕای مرۆڤانی دنیای شارستانی بژین و چیتر نامانەویٚت کۆیلە بین. ئەگەرچی ئیٚمەی خەڵک بە دریٚژایی میٚژوومان، هیچ بڕیاریٚک لە دەستی ئیٚمەدا نەبووە و پیٚشەواکانمان و داگیرکەرانمان بڕیاریان بۆ داوین، بەڵام ئەمە یەکەم دەرفەتی میٚژووییە کە ئیٚمە دەتوانین خاوەنی بڕیاری خۆمان بین. ئەمجارەیان دواڕۆژی خۆمان و منداڵەکانمان و نەوەی ئایندە لە دەستی خۆماننماندایە و هیچ پاساویٚک نابیٚت کە ئۆباڵی ئەو هەڵەیە بخەینە ئەستۆی هیچ کەس و لایەنیٚکی تر.**

**سالار باپیر**

**لەندەن – 2004/1/27**

salarb@hotmail.com